

# نەبوونێک کە هەرجارەو سارۆ دەیری(١) دەکاتەوە


**ژیار جەهانفەرد**
**(ئەڵمانیا)**


زۆر لەمێژە کە لە ناو قەفەزەیەک تەنیام، جاربەجار سارۆ دەرم دەهێنێ و لێم ورد دەبێتەوە، هەڵبەت ساڵێ دوو سێ جار زیاتر بەسەرم ناکاتەوە، زیاتر لەم نەورۆز بۆ ئەو نەورۆز دەمباتە بەر هەیوانەکە و بە دەسماڵێک شاڵ و قەشاوم دەدات، هەر جارە و کە ئەمە دووبارە دەکاتەوە، ئەو ڕۆژەی بیر دێتەوە کە بە چی نەگبەتی و نەهامەتییەک بوو بە خاوەنی ئێمە، هەرجاریش پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام دڵی بەوە خۆشە هەرجار دەنگی ئەو تەقەی دواییینە لە ناو سەری دەژاکێتەوە، پەنا بۆ لای من دەهێنێت و فرمێسک دەزێتە چاوانی، لە دنیای خۆیدا ون دەبێت، ساڵانێکی دوورە ئەگەر قسەش نەکات لە نیگاکانی تێ دەگەم، ئەویش وای لێ هاتووە، جاروبار کە کەس بە دیارمانەوە نییە، لەگەڵم دەکەوێتە باسوخواس کردن، هەرکەسێکیش گوێمان لێ ڕاتەکێنێت، خۆ لێمان تێ ناگات، تەنیا خۆمان دەزانین چی دەڵێین، تا کەسێک بە دوامانەوە نەبێت، درۆیە لێمان تێ بگات، ئاخر بڵێ کام تێگەشتن؟ تێگەشتنێک کە لە بیری بکەن و بە دوای ئەوەی بکەون کە ئێمەی گەیاندە ئەم ڕۆژە، ڕۆژ نییە سارۆ بیر لە چارەی خۆی نەکاتەوە، ڕۆژ نییە سەری خۆی بە پەتی سێدارەوە نەبینێت، ڕۆژ نییە کە فیشەکێک بە ناوچاوانی خۆیەوە نەنێت، ڕۆژ نییە نەچێتە دوکانێک دوو جووت-دوو جووت پێڵاو نەکڕێت، ڕۆژ نییە کە منداڵ نەبێتەوە و لەگەڵ منداڵانی کۆڵان تۆپی پێ نەکات، ڕۆژ نییە، دوای حەوت ساڵ هێشتا لەلای ئاسایی نەبۆتەوە.

کێردێک تا دەسکە چووە بە گەرووی، هەرجارەو زیاتر دەسکەکەی تێدەچەقێت، هەناسەی دەبڕێت و بەدەم پەلکوتانەوە پەلاماری شێرەی ئاوەکە دەدات، یەکێک لە بیرەوەرییە خۆشەکانی پێکەوەمان، ئەو ڕۆژە بوو کە لە سنوور چووینە ئەو دیو، هەر جارە و دەمهێنێتە دەرەوە و بە دوای لفەکەم دەگەڕێ، ئێوارە کە لە بەردەم هەیوانەکە بە دەستییەوە بووم، کەوتە قسەوباس لەگەڵم، ئەو بەشێک لە گیانی و منیش لفانەکە.

ڕاستییەکەی دوایین جار کە سارۆ دەیویست لەو دیو بگەڕێتەوە، زۆر هەوڵم دا پێشی لێ بگرم، بەڵام منی بێ گیان چیم پێ دەکرێ؟! من باس و دەمەتەقەی هەموو مینەکانم بیست، لەمێژ بوو کە لە کەمیندا خۆیان بۆ داگرتبوو.

زۆرێکیان ڕقیان هەستابوو و هەندێکیان هەر زوو کار و ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردبوو، بەڵام زۆربەیان لە شوێنی خۆیان بوون و بۆ ڕۆژی تەنگانە خۆیان حەشار دابوو، دوایین ئێوارە کە سارۆ دەڕۆیشت بۆ مەندەلی، دوو چارەکێک لە لای مەیانی مینەکەوە هەناسەی تازە کرد، من زۆرێک لە باس و هەڕەشەی مەیانە قەدەغەکراوەکانم بیست.

– "لای خواگیان بڕیارە سارۆ لەناو بەرین، بە بەرزەکی بانانەوە(٢) بۆی دەردەچێت. هەندێک لە ئێمە ڕۆیشتن، یان بە کام گەیشتن، یان ناکام بوون، بەڵام زۆربەمان لە بنی خۆڵدا ماوین و ساڵ بە ساڵ خۆڵ و خاک زیاتر دامانده‌پۆشێت. ئەمە تا کەی دەبێ هەر چاوەڕێ بین و ئێوەش هەر دانە دانە بێن؟ ئەرکی ئێمە بە ئێوە بەسراوەتەوە، لە کۆتاییدا هەر دێن، دە بۆ زووتر نایەن با ئێمەش کەم چاوەڕوانی بکەین؟"

ئەوی دیکەیان لەولایەوە بە جواب هات: "پێدەچێت ڕۆژێک لەبن ئەم خۆڵە بخنکێین و قەت بە ئامانج نەگەین."

– "بۆ ئاوەها دەڵێی؟ مەگەر هەرکام لە ئێمە کە خۆی تەقاندووەتەوە، چی ڕوویداوە، یان چی بووە بە بەشمان؟"

– "ئەمە زۆر جارە بە بێ ئیزنی ئێمە و خاوەنەکانمان، دەچێ بەو دیودا، مەگەر ئامانجی ئێمە پاراستن و پاسەوانی ئەم وڵاتە نییە؟"

لە نێو مەیانە قەدەغەکراوەکاندا دەنگەدەنگێکی زۆرم بەر گوێ دەکەوت، هەر جار گیاندارێک، بەستە زمانێک بە تەنیشتیان تێپەڕ دەبوو، لە خەوی چەن ساڵە دادەچڵەکان و هەڵمەتیان دەبرد بۆ قاچ و قولی.

هەموو خەیاڵەکانی دنیا هاتبوونە ناو زەینی سارۆ: "تا کەی دەبێ بە دزیەوە بڕۆم و کەسێک کە توخمی باوکمە و لە داوێنی دایکمە ببینم؟ چ دنیایەکی بێ کەڵکە و گۆترەیە؟ تاکەی دەبێ بە ترس و دڵەڕاوکێ لەم سنوورە بپەڕمەوە؟ خوا بۆ بەدکاری نەسازێت، خۆ پاسپۆرتیشم هەیە، بەڵام ناتوانم سەرێک لە ماڵی خوشکەکەم بدەم کە لەو دیوی سنوورەوەیە.

خواگیانیش ئاگای لەم باسە نییە. پێشتر کەی باسی ئەم دیو و ئەو دیومان هەبوو؟ بەڵام ئێستا چی؟ من دەبێ بە هەزار ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسییەوە ساڵ، یان دوو ساڵ جارێک بچم تا ماڵی کەسوکارم؟."

خۆرنشین بوو، سارۆ بە هیوای بینینی ماڵی خوشکی هەستا و بەڕێ کەوت. لووتی منی بە مینێکدا خشاند، گیان لە میندا ڕووایەوە. سارۆ قاچی گەڕانەوە و بەرەو دوا هەنگاوی هەڵگرت، مینێک کە لافاو لەوانی دیکەی جیا کردبوو، گیانی تێکەوت، سارۆ نەیهێشت نزیکی کەوێتەوە و بە هەنگاوێکی گەورە تێپەڕ بوو، من گوێم لە قسەی مینەکە بوو کە دەیگوت: "ئەم جارەش بەختم ڕەش بوو، سارۆ تۆش بە بەرزەکی بانانەوە دەرچووی."

ئێمە هەر دوور دەکەوتین و دەنگی مینەکەش هەر کزتر دەبوو.

کاتێک گەیشتینە ئەو دیوی سنوور نزیکی چراکەران بوو. سارۆ لەو زوقم و سەرمای زستانە لە دوور و نزیکی شاری مەندەلی، هەناسەیەکی تازە کردەوە، سێ چوار کاتژمێر لە بەردەم ئەو سەرما ڕچا و ددان لە سەر ددانی نەدەوەستا، هەزار لەرز و چرچ لە گیانیدا بوو و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "تۆ بڵێی ئەم جارەش دەرچم و بە دەستی شورتە و پۆلیس نەکەوم؟"

ئەو شەوە بە هەر جۆرێک بوو، خۆی گەیاندە ماڵی خوشکەکەی. بە ڕۆژاندا لە ماڵی خوشک و خوشکەزاکانی، لە ترسی بینین، خۆی دەر نەدەخست. تەنیا شەوان کە دەیانزانی کەس نییە بۆ سەر ئاو لە ماڵ دەردەچوو، ئەم جارە دەر و دیواری لێ هاتە گۆ، لە نێو تەوالێتەکە سێبەری خۆی دایچەڵەکاند و قاچی بەسەرلا دا کەوت و ئەوەندەی نەمابوو بەسەرەوە بکەوێتە ناو کاسەی تەوالێتەکە.

کاتێک لە سەر کاسەی تەوالێتەکە دانیشت لەبەر خۆیەوە گوتی: "تۆ بڵێی کەسێک ڕاپۆرتی لەسەر دابم و شەو بێن لە خەوا لە ناو جێگاکەم کەلەپچەم بکەن؟ لە ژێرخانێکدام کە دەرگای دیکەشی نییە کە بتوانم هەڵێم! ئەگەر هەڵکوتنە سەرم دەبێ تا ماوم لە زیندانەکانی بەغدا، یان بەسرە، یان باشووری ئێراق بمێنم، هەڵبەت کام مانەوە؟ لەو زیندانانە دادەڕزێم و دەڕووخێم و لەناو

دەچم. ڕاستە کە زیندانەکانیان لەگەڵ ئەوانەی خۆمان جیاوازیان نییە، بەڵام من لە زیندانی خۆماندا بەسەر بەرم لە زمانی پاسەوانەکان تێناگەم خۆ لە زمانی زیندانییەکان تێدەگەم".

دوای چەن شەو ماڵاوایی لە خوشک و خوشکەزاکانی کرد و بەڕێکەوت. شەو لە سەر سنوور هەڵتەقاین بە کەمینی ئێرانییەکاندا. ئەو شەوە تا بەیانی هەر سەرباز و پاسەوانەکانی سنوور لە هاتووچۆدا بوون. لە سەر هەموو یاڵێک و بن هەر دۆڵ و گلاڵێک بە دەیان سەرباز لە کەمیندا بوون. ئەگەر لە ئاسمان و زەوی جموجووڵیان بەرچاو دەکەوت، جووڵەیان دەبڕی. ئێمە لە بن کوێرە ئەشکەوتێک بەو کرێوە و سەرما ئێسک برە، خۆمان داشاردبوو، بەو هیوایەی کە تا ڕۆژ هەڵنەهاتووە ئەو سەربازانەش بگەڕێنەوە و سنوور تێپەڕ بکەین، لەم عانەدا سەربازێک لێمان نزیک کەوتەوە، خشەیەک لە نزیکمانەوە دەهات، سەرباز نزیکتر بوو، هاتە حەوت هەشت مەتریمان، چەکەکەی هێنایە سەر میل، سارۆ زیرەی کرد ویستی هەستێت و خۆی تەسلیم بکات، لە بەر خۆیەوە وتی: نە ئەم کارە ناکەم، تاقەتی زیندانم نییە! دواتر کێ ئەمانە تێبگەیەنێت کە بۆ ڕۆشتوومەتە ئەو دیوی سنوور، قەت واز ناهێنن."

لەو کاتەدا بوو کە دەسرێژی کرد و سارۆ چاوی داخست و دەستی خستە سەردەمی، نەڕەی بەرازێک لە لای خوارەوەمان بەرز بوویەوە، ئێراقییەکانیش کە لە چرچەی کەو بە ئاگا دەهاتن لە سەنگەرەکانیان دەرکەوتن و هاتن بەرەو لای دەنگی تەقە. سەربازە ئێرانییەکە دەسبەجێ کشایەوە و لە سنوور دوور کەوتەوە.

ئێراقییەکان بە ئینارەکانیان دنیایان کرد بە ڕۆژی ڕووناک، سارۆ دیسان دەستی کرد بە وڕێنە کردن: "ئیدی لە دەستی ئەمانە دەرناچم" سەربازە ئێراقییەکان چوونە سەر لەشی بێگیانی بەراز و فەرماندەکەیان بزەیەکی کرد.

بەیانییەکەی خۆرهەڵات و سەربازەکان هەر لە جێگای خۆیان بوون، سارۆ جارێکی تر لە ڕێگاکەی ڕوانی و دڵنیا بوو کە بە هەڵە نەهاتووە، بەڵام دیار بوو کە شتێک قەوماوە کە ئاوەها بەردەوام پاسەوانی دەدەن.

سارۆ دڵنیاش بوو کە بەم ڕۆژی ڕوونە هیچی پێ ناکرێت، شانی بۆ دادایەوە و خەوت.

قەوانی(پووکەی) فیشەکێک کەوتبووە بەردەم ئەشکەوتەکە، منیش کەوتمە دەمەتەقەکردن لەگەڵیدا: "چی ڕوویداوە کە ئەم هەموو سەرباز و ئەفسەرە بەم ناوەدا دەسووڕێنەوە؟

قەوان: "ئێمەش لە ئێوە بێ ئاگاترین، زۆر دەمێکە لە عەزرەتی ئەوەدام کە لە لەشی کەسێکی وەک سارۆ گیر بخۆم، یان هەڵیدرم و لەولایەوە دەرچم، بەڵام لە لەشی بەرازێک گیرم خوارد و هیچم بە نەسیب نەبوو!."

من هەرچەن لەگەڵیدا مشتومڕم دەکرد، ئەو هەر باسی خۆی دەکرد.

سارۆ تا نیوەڕۆ لە بنی ئەشکەوت وەکو جەنازە ڕاکشابوو، دوای نیوەڕۆ کە بە ئاگاهات، سەرما هەموو گیانی داگرتبوو، بە هەر جۆرێک بوو ڕێگەی لە پژمینی خۆی گرت تا دەنگی نەبیستن، میز تەنگی پێ هەڵچنیبوو و نەیدەوێرا بچێت میزیش بکات، شەو هەڵات، سەربازەکان هەر لە شوێنی خۆیاندا بوون، سارۆ سەبری نەهات و ددانی نا بە جەرگی خۆی و ئێمەش بە فەرمانی ئەو داچڵەکاین، سنوورمان بڕی، مەیانی مینێک کە لە ژوورتری سنوورەوە بوو بە جێمان هێشت. لە ناکاو چرای پاسەوانە ئێرانییەکان کەوتە سەرمان. سارۆ بە خشکە خشک هەستایە سەر پێ و گەڕایەوە بەرەو لای سنوور. لە ناو کەناڵ (کارێزەکە) بەبێ ئەوەی لا بکەینەوە بەرەو سنوور هەڵدەهاتین. سەربازەکان کردیان بە تەقە و دەسرێژ، سارۆ لە ترسی گیانی دوو قاچی دیکەشی قەرز کردبوو و بەسەر سیمخاردارەکانی بەردەمی بازی دەدا، دەیزانی کە نزیکەی سەد مەتری ماوە کە دیسان بە ئەشکەوتەکە بگاتەوە کە دانیشتەوە بە بێ ئاگای خۆی دووجارە بە هەوادا چوو. تەقە و بەرز بوونەوەمان بۆ ئاسمان پێکەوە بوو، قاچی چەپی سارۆ لە ئاسماندا دەسووڕایەوە و من و لەشی گەرمی سارۆش لە نزیکی مینێکی تر داکەوتبووین.

**میونشن**

**پەراوێز:**

**١- بێ گیروگرفت.**

**٢- دەیری، واتە کەسێک کە لە ئاوەدانی سەری خۆی هەڵدەگرێت و ڕوو لە کوێستان و بیابان دەکات وەکو کەسێکی شێت، بەڵام مانای نێگەتیڤی شێتی نییە.**